گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هونەر و زەخرەفەی بیناسازی پاشماوە شوێنەوارییەکانی کەرکوك
# خانووی تۆما هند بەنموونە
## ( توێژینەوەیەکی مەیدانی شیکاری هونەرییە)

**پ. ی. د. ئاراس اسماعیل خضر**

بەشی شوێنەوار ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

Aras.khider@su.edu.krd

**هێرۆ حەسەن خضر**

بەشی شوێنەوار ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

hero.khder@su.edu.krd

## پوختە

بیناسازی و نەخش و زەخرەفەکانی کەرکوك لە زانستی شوێنەواردا گرنگییەکی زۆری هەیە، ڕێگایەکە بۆگەیشتن بە کۆمەڵێک زانیاری، ئەویش بە هۆی بوونی نووسین و وێنە زەخرەفە و نەخش و نیگارەکانیان بەگشتی و خانووی تۆماهند بەتایبەتی، ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نووسین و وێنە زەخرەفەکانی سەرخانووەکە، کە هەڵکەوتەی ناوجەرگەی قەڵای کەرکوکە. ئەمەش وەک دەرخستنی لایەنی شارستانی و مێژوویی ئەو ناوچەیە کە تاوەکو ئێستا هیچ ئاماژەیەکی زانستی تیۆری بۆ نەکراوە، ئەوتوێژینەوەیە شیکاری بۆ)نەخش و زەخرەفەی بیناسازی و ڕەگەزەکانی بیناسازی بۆ خانووەکە کردووە )، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە پاشماوەی بیناسازی و نەخش وێنەو زەخرفەکان شێوێنراوە و دەستکاری کراون، بەڵام توانراوە پارچە شکاوەکان کۆبکرێتەوە وبەیەکەوە ببەسترێتەوە دووبارە چاکبکرێتەوە، ئەوتوێژینەوەیە یەکەمین لێکۆڵینەوەیە لەم بوارە کە لەڕووی تەکنیکی و ئەندازەییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم خانووە بکات، وەک بەشێکی بنەڕەتی توێژینەوەکە تیشکمان خستووتە سەر لایەنی مەیدانی، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەکان لەسەر بابەتی توێژینەوە بەتایبەتی و ناوچەکە بەگشتی.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**ڕێکەوتی توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/١٥

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٨

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان.**

The Art Architectural, Decorations, The City of Kirkuk, The Toma of India

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.1

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1- پێشەکی

خانووی تۆماهند گرنگیەکی زۆری هەیە لەزانستی شوێنەوارناسی، بەتایبەت کە، خاوەنداریەتیکەی لە بنەماڵەیەکی مەسیحی و دواتریش لەسەردەمی ئیسلامی جولەکەکان تێیدا نیشتەجێ بوون. زانیاری بەنرخی تێدایە لەڕووی بیناسازییەوە، هەروەها دەقی ناوی خانووەکە لەسەر دەرگای خانووەکەیە، وەك ناونیشان، ڕەگەز، لەڕاستیدا کێلی گۆڕی ئیسلام بەڕوونی دیارە سەبارەت بەخوێندنی شێوازو جۆرەکانی نەخش و زەخرەفەکانی سەر خانووەکە. چەندین هونەری ئیسلامی و مەسیحی تێکەڵ بەیەکتر کراون به نەخش و زەخرەفەی جیاواز، لەوانە شێوازی ڕووەکی و ئادەمی و ئەندازەیی ونووسینە ڕازاوەکان ڕازێنراونەتەوە، بوونی ئەم جۆرە خانووانە لە هەر ناوچەیەک گرینگی ناوچەکە دەردەخات، لە ڕووی ڕۆشنبیری و زمانەوانییەوە.

هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە لە ڕووی زانستی شوێنەوارییەوە، هەروەها ئاشنابوون بە چۆنیەتی دروست کردن و ڕازاندنەوەی ئەو خانووە لەسەر بەردی مەڕمەڕ بە وێنە جۆراو جۆرەکان. سەبارەت بە کارە پێشینەییەکان لەسەر ئەم بابەتە ژمارەیەک لە توێژەران و شوێنەوارناسان کاریان لەسەر نەخش وزەخرەفەکانی سەر دیواربەندی خانووەکان کردووە، بەڵام بۆ ئەم خانووە هیچ کارێکی زانستی بۆ نەکراوە، پلانی توێژینەوەکە چەند تەوەرێک لەخۆدەگرێت، کەدەست پێدەکات بەپێشەکی وجوگرافیایی شوێنەکە ومێژووی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە ودەستەواژە وزاراوەی زەخرەفە ونەخش ونیگارو ڕەگەزەکانی بیناسازی، لەپاشان تەوەرەکانی تر تایبەت بە شیکردنەوەی نەخش و نیگارو زەخرەفەکانی سەر دەرگاو هۆڵ وڕاڕەوو ژوورەکان لەگەڵ وێنەکانیان.


## 2. جوگرافیا و مێژوو و ناونانی شاری کەرکوك

### 1-2 جوگرافیای شاری کەرکوك

کەرکوك شارێکی دێرینە لە بەشی باشوری کوردستان بە دووری 233 کم دەکەوێتە باکوری پایتەختی عێراق ، لە بنەچەدا کەرکوك لە شێوەی قەڵایەکی بازنەیی بەرز لە کەناری ڕووباری خاسە دروستکراوە، زورگە بەرزەکانی دەوروبەری بریتین لە کانی دۆمەڵان لە باکورەوە، زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین کە بەرزترین شوێنی دەگاتە (٥٢٧) کیلۆمەتر لە باشوری خۆرئاواوە(جەلال،٢٠٠٨،٢٩). کەرکوك دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٤-٣٦) و بازنەکانی درێژی (٤٤-٤٦) بەم پێیەش بەرزیەکەی لەسەر ئاستی دەریا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەگاتە ٣٥٠ مەتر (ئاران،٢٠٠١،١٨٦). ئەمەش وای کردووە کەرکوك ببێتە خاڵی جیاکردنەوەی ناوچە دەشتاییەکان لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکان، چوار وەرزەکەی کەرکوك بە ئاسانی جیا دەکرێنەوە، پلەی گەرما لە هاوینەوە دادەبەزێت بۆ نزمی زستان، باران بارین لە وەرزی زستاندا ڕووباری خاسە دەوڵەمەند دەکات، بەڵام لەوەرزی پایزدا باران بارین درەنگ دەست پێدەکات، یاخود کەم دەبارێت، بۆیە کەرکوك بە ناوچەیەکی نیمچە وشك هەژمار دەکرێت، هەڵکەوتە جوگرافیاکەی ڕێگەییەکی لەبارە بۆ بەستنەوەی ناوچە جیاجاکانی دەوروبەری، گرنگیەکی زۆری بە ناوچەکە بەخشیووە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی هەرلەکۆنەوە کەرکوك یەکێك بێت لە گرنگترین شارەکانی باشوری کوردستان (دواد ، ٢٠١٦،٧). لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەمەندە بە ئاو، چونکە سوود لە ڕووباری خاسە دەبینێت کە لە وەرزی باران بارینا دەوڵەمەندە بە تایبەت بۆ کشتوکاڵ (عەزیز،٢٠٠٩،١٥٥). ( نەخشەی شاری کەرکوک).




نەخشەی شاری کەرکوك (ئەرشیفی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری کەرکوك)

## 2-2 مێژووی شاری کەرکوك

مرۆڤ لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە هەوڵدایە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی پڕ بەرهەمتر بە کەمترین وزە و هەوڵدان، ئەمەش وای کردووە هەمیشە بەدوای شوێنی شیاودا بگەڕێت بۆ نیشتەجێبوون، لەم پرۆسەدا هەڵبژاردنی شوێنی شار و وڵاتەکان هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو پشت بەستن بە چەندین هۆکار و تایبەتمەندی بووە، پێگەی جوگرافی و کەش و هەوا و دوور و نزیکی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوەدانی و کەڵکی ئابووری و سیاسی و چەندین فاکتەری تر هۆکاربوون بۆ هەڵبژاردن و پەرەسەندنی شارەکان، شاری کەرکوك لە مێژووە هاوشێوەی شارەکانی تری کوردستان جێگەی سەرنجی گەلان بووە (شوانی،٢٠٠٨،٣٢).

هەرچەندە ئەم شارە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نەیتوانیوە هاوشێوەی بەغداد و ئیستەنبوڵ فراوان ببێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی ئاسایش لە ناوچەکە و شەڕی ناوخۆیی نێوان میرنیشینە کوردییەکان و پێکدادانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی،(عبدالرحمن،٢٠٠٦،٨) جگە لە چەندین هۆکاری تر، کە بەربەست بوون لەبەردەم پەرەسەندنی ئەم ناوچەیە و بوون بە مەڵبەندێکی بازرگانی، لە کاتێکدا ناوچەکە بەهۆی تۆپۆگرافیا و چەندین تایبەتمەندی ترەوە لەبار بووە بۆ دروستکردنی بازرگانی و گەشەکردن وەکو شارەکانی تر(شوانی،٢٠٠٨،٣٢). سەرەڕای ئەوەش، کەرکوك یەکێك بووە لەو ناوچانەی لەسەر ئاستی عێراق و جیهان لە مێژە بەردەوام ژیانی تێدا کراوە، بەپێی سەرچاوەکان مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین (عبدالرحمن،٢٠٠٦،٨)، سەرچاوە مێژووییەکان دروستبوونی کەرکوك بۆ سەردەمی جیاواز دەگەرێننەوە، هەندێکیان بۆ سەردەمی سۆمەریەکان و هەندێکیان بۆ سەردەمی ئەکەدی و هەندێکیان بۆ سەردەمی تر، بە بڕوای هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەکان نەریتی سۆمەریەکان و ئەکەدییەکان وابوو ناوی ئەو شارانە دەنووسراو کە لە سەردەمی ئەوان دروست دەکرا، ناوی کەرکوك لە دۆزراوەکانی ئەواندا نەهاتووە، بۆیە بەپێی لێکۆڵینەوەکان کەرکوك لەسەر دەستی لۆلەوییەکان دامەزراوە(عەزیز،٢٠٠٩،١٥٥) .

بەپێی لێکۆڵینەوەی تر کەرکوك لەسەرچاوەئەکەدییەکاندا ناوی بە)ئەرەبخا) هاتووە (خەزنەدار،٢٠١٦،٢٧٣). نەبوونی بەڵگەی شوێنەواریی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بە پرژوبڵاوەیی بەجێ دەهێڵێت و ئەگەرەکان یەکلا ناکاتەوە، سەبارەت بە کەرکوك لە سەرچاوە سریانیەکاندا باسکراوە، کە سلوقیەکان کاتێك دەست دەگرن بەسەر ناوچەکەدا کەرکوك دەبێت بە شارێکی سلوقی پێی دەوترێت قەڵای سلوقی (جاف،١٩٩٢،٢٨)، ئەم بۆچوونەش لای هەندێك قبووڵ نییە و پێیان وایە کەرکوك بەر لە ئاشوریەکان ناوەندێکی خورییەکان و پێشتر مەڵبەندی سەرەکی گۆتییەکان بووە، (عبدالرحمن،٢٠٠٦،٢٨). هەرچۆنێک بێت لەسەر دامەزراندنی کەرکوك ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە، بەڵام هەموو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر گرنگی کەرکوك لە سەردەمە جیاوازەکاندا. لە سەردەمی مەسیحی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باگەرمێ حەوت بنکەی شـاری کەرکوک بووە باس لەمێژووی شـاری کەرکوک وشـەهیدەکانی دەکات، ناوی (بییێت گرمای) باگەرمێ دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئاشورییەکان(عیسا،١٢،٢٠١٢).
پاش هاتنی ئاینی ئیسـلام، کوردەکان دەسـت پێشـخەربوون لە پێشـوازیکردن لە ئایینەکە، کەرکوك لە سەردەمی ئیسلامدا وەك بەشێك لەشارەزوور دەوڵەمەندبوو بەمزگەوت و تەکیە و خوێندنگەی ئاینی ئەمەش نیشـانەی ئیسـلامی بوونی کەرکوکە، کەرکوک لەسـەردەمی عوسـمانیەکاندا پلەوپایەی بەرزی هەبووە، لەســەرەتای ســەدەی حەڤدەدا عوســمانیەکان کەرکوکیـان کردۆتەپایتەختی ویلایەتی شارەزوور بەپێی بەڵگەنامە ڕەسمی یەکان دەوڵەتی عوسمانی ویلایەتی ناوبراو ئەوکات لە(٢٠) سنجق پێکهاتووە گرنگترین سنجقیە کانی ئەم ویلایەتەش)هەولێر-جەبەل حەمرین- سەنجەقی هەزارمێرد-مەرگە-حەریر٠٠٠٠٠هتد)، (حوســێن،٦،٢٠٠٨-٧)، لە ســەردەمی نوێدا، کەرکوك بە یەکێك لە شـــارە دەوڵەمەندەکانی جیهان لە قەڵەم درا، ئەمەش وای کرد ئینگلیزەکان هەوڵی دەستبەسەراگرتنی بدەن، سـاڵی ١٩١٨ ئینگلیزەکان لە پلانی داگیرکردنی سـەروەت و سـامان و نەوتی کەرکوك شـارەکەیان لەژێر دەسەڵاتی عوسمان دەرهێنا و دواتر لکێنرا بە عێراقەوە وەك بەشێك لە ئینتیدابی بەریتانی (ساعتچی، د.ت، ٢٨). ئەم دەستێوەردانەی ئینگلیز گۆڕانکاری دیاری بەسەر کەرکوك و ناوچەکەدا هێنا و لە هەمان کاتدا کاریگەری لەسەر ڕۆژگاری دواتر بەجێ هێشتووە (عبدالرحمان، ٢٠٠٦، ١٣).

### 3-2 ناوی شاری کەرکوك لە  سەردەمە جیاوازەکان

گومانی تێدا نییە ناوی هەر شـارێکی دێرین بەپێی سـەردەمە مێژووییەکان گۆڕانکاری بەسـەردادێت، کەرکوك کە،  شـــارێکی مێژویی دێرینە لە قۆناغەکانی مێژوودا گۆرانکاری بەســـەر ناوەکەیدا هاتووە، بێگومان هەر دەســـەڵاتێك زاڵبووە بەســـەر ناوچەکەدا بەپێی زمانی خۆی گۆڕانکاری لەســـەر ناوی کەرکوك کردووە، ئەمەش وای کردووە وەك چۆن مێژووەکەی بیروبۆچوونی جیاوازی لەســـەر بێت، ناوەکەشی بەهەمان شێوە ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەسەرە. ناوی کەرکوك لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە دەربڕینی جیاواز هاتووە، چیرۆکی جۆراوجۆر هەیە لەســـەر دەربڕینە جیاوازەکان، ناوی یەکەمی کەرکوك لە مێژوودا بریتیە لە (ئەربەخا) کە، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی ســێیەمی پێش زایین )عیســا، ٢٠١٢، ١١). پاشـان ئەم ناوە ئاسـانکراوە بۆ (ئەرەفە) و دواتر بۆ (عەرەفە) لە زمانی عەرەبیەوە، و پاشـان کە سـلوقیەکان چاکسـازیان کرد لە ناوچەکە ناوەکەی بوو بە )کەرخا دبێت سـلۆخ) واتا قەڵای سـلۆخ (عەزیز، ٢٠٠٩، ١٦٠).  هەروەک پێشـــتر ئاماژەی پێدرا کەرکوک لەســـەرچاوە مێژوویەکاندا بەم ناوەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاتووە وەك كەرخینی و كەركورا و دیمتریاس، لە ســەردەمی ئاشــوریەكان ناوبراوە (ئەرباخا) (بابان،١٩٧٦، ٢٩٠)، هەروەها لەلایەن مێژوونوسی فارس (شرف الدین علی یزیدی) ناوبراوە لەڕووداوە مێژوویەكانی ســەدەی پانزەمی زاینی ناوی كەركوكی بەم شــێوەیەی تا ئەمرۆ هاتووە (عباس، ١٣٣هجری، ٤٩٦). هەروەها بەناوی (كەرەک) واتای قەلای میدیایی ئاریەكان ئەم ناوەیان لێنا، (ئارابخا) شاكر خصباك دەڵێت:(گۆتی یەكان ئەم شارەیان دروست كردووە(، هەروەها سریانی یەكان ناوی(بیت گەرمای) یان لێنا، بەڵام، طه باقر و دكتۆر جەمال بەوەباســی كەركووک ئەكەن (گورگوڕ) لەگڕەكەی چاڵەنەوتەكانی بابە گوڕگوڕەوە هاتووە، جگە لەم ناوانە كۆمەڵێ ناوی تری هەبوە (سالەیی، ٢٠٠٥، ٥).

## 3:- ڕەگەزەكانی نەخش ونیگار

3-1:- نەخش ونیگاری ڕووەكی:-بریتیە لەو نەخش ونیگارانەی پشــت دەبەســتێت لەســەر شــێوازی ڕووەكەكان وبەشــەكانیان بۆنمونە (گەڵاو لق و قەد و خونچە و درەخت و میوەكان) هەروەكو خۆیان چۆنن لەســروشــتدا یان بەشــێوازی (تەجریدی) وڕێكخســتن درووســتكراوە ئەم جۆرەش لەنەخش ونیگار باوبووە لەهونەری ئیسلامی و گەشەسەندنی بۆهونەری ئەرابێسك. نەخش ونیگاری ڕووەكی دوو شێوزا لە خۆ دەگرێت كە نەخش ونیگاری گۆڕدراو(المحوره)(الباشا، 1999، 46) لەم شێوازەدا دەبینین هونەرمەند وێنەی توخمە ڕووەكیەكان بەشێوازی گۆڕاو دوور لەلاسایی كردنەوەی سروشتی دەكێشرێت، نەخش ونیگاری ڕۆمی دێتە ڕیزی ئەم جۆرە، كەئەم زاراوەیە توركەكان خستویانەتە پاڵ شــێوازی نەخش ونیگاری پێك هاتووە لە توخمی ڕووەكی گۆڕاو. شــێوازی دووەم نەخش ونیگاری ڕاستەقینە (الواقعیە) هونەر(وزیری . 2000، 32).

هونەرمەندەكان ڕوویان كردە كێشــانی وێنەی توخمە ڕووەكیەكان لەگەڵا وڕووەک و بەرهەمەكان كەنزیكە لەســروشــتەوە (هزاع، د.ت، ١٣١-١٣٤). هونەریش لەشــێوازی جێبەجێكردنی ڕووبەرە نەخش ونیگارەكان لە نێو مالە كەلەپوورییەكان كە لەچەند ڕووبەرێكی دیاریكراو بڵاوەبوونەوە بەتایبەتی ژووری پێشــوازیی)دیوەخانە-دویر) (خضــر، ٢٠١٤، ٦٨) كە لەشــێوەی شــریت و یەكەی نەخش ونیگاری وەرگیراو لەســروشــت یان تابلۆكان لەســەر دەروازەكان لەژوورەوەو بنمیچەكان و چوارچێوەی دەرگاكان بەشێوەیەكی ستونی یا چەماوە. هەروەها چەند بەشێك لەتاق یان میحراب یان داینجاخ. وێنە لەســەر دیوار وەكوو شــێوەی ئەندازەیی و ڕووەكی و نوســین وەك (بســم لله الرحمن الرحیم) كەوێنە كراوە بەوێنەی عوسمانی .نەخش ونیگارەكانیش بەشێوەی دووبارەكردنەوە یان دوولایەنەن

یان بەرامبەریەکن لەناو تاق ومیحرابەکان، ئەوشـــکڵە ڕوەکیانەی کەباو بوونە جۆراو جۆرن وەکو گەڵای خورما کە لەزۆرترین ڕەگەزە نەخش ونیگارە ڕووەکیەکان لەماڵە کەلەپووریەکان لە )هەولێرو موسـڵ و سـلێمانی و کەرکوك و کۆیە ...هتد). (امین ،٢٠١٤، ٤٢٥). گەڵای دەفری یان شـکڵەکانی پیازی ، لەڕەگەزە جوانکاریە ڕووەکیەکانە، کە لەهونەری ئاشـــووری هیلینســـتی و ڕۆمانی وبێزەنتیی باوبوە، هەروەها لەگەڵ بڵاوبونەوەی شێوازی سامەڕاش بەکارهێنانی شێوەکنی گەلآمێو لەشێوەی سێ لایی و پێنج لایی  خاوەن چاو بڵاوبۆتەوە بەکارهێنانی لەکۆتایی ســـەردەمی عوســـمانی بەردەوام بووە ،(خضـــر،1/2014، 76) نەخش ونیگاری لەشـــێوەی گوڵدان کەگوڵیان لێ دێتە  دەر . هەر لەکۆنەوە (ئـاشـــووریەکـان) گوڵیـان بەکـارهێنـاوە لەنەخش ونیگـارە ڕووەکیەکـان و بەکـارهێنـانی گوڵی (بابونج=حاجیلە)ش بەزۆری باوبوە لەنەخشـی دیوارو نەخشـی هەڵکۆلینە)ئاشـوریەکان) داهەروەها لەهونەری )بێزەنتی و ساسانی وئیسلام)یش .(نافع،٢٣،٢٠٠٧-٢٤) کەوا گوڵی سێ گۆشە یان پێنج لایی بەکارهێنراوە، بەجۆرو شـــێوەی جیاواز لە ناوچە کوردییەکانیش گوڵیی (لالە،مێلاقە،ســـەوســـەن) و گەڵای(سێ پەڕە) لەسەر شێوەی گوڵی سێ لایە. (الزیباری، ٢٠١١،٢٤) هەبووە.

2-3-  نەخش و نیگاری ئەندازەیی:- بریتین لەو نەخش ونیگارانەی  کە پشت دەبەستێت لەسەر یەکە ئەندازەیەکان وەکو بازنە و سـێگۆشـە و چوارگۆشـەو لاکێشـە شـێوەی ئەسـتێرەیی، هەندێ ڕەگەزی ئەندازەیش بەکارهاتوون لە جوانکردنی گۆمەز و محراب و شـــێوەی ســـەدەفی یا کارگی و هێڵ و هۆنینەوە، کە لە هونەرە دێرینەکان  بەکارهاتووە وەکو هونەری نوزی و سەردەمی(ئاشوری و بیزینتی و ساسانی و ئیسلامی و عوسمانی ) (جاسم السودانی،٢٠٢١، ١٢٨).

3-3-نەخش ونیگاری ئاژەڵی : - یەکێکە لە نەخش و نیگارە دەگمەنەکان لەسەردەمی ئیسلامی ، کە لە ماڵەکانی سەر قەڵای کەرکوك دەبینرێت، هەندی وێنەی ئاژەڵ بە تایبەتیش) کۆتر و ئاسك) دەبینین لە شێوەی بەرامبەر یەك یا بە تەنها. بینینی ئاژەڵە بەرامبەر یەکەکان و لە ناوەڕاستیان (داری ژیان)  هەیە لە هونەرە دێرینەکانی )ئاشـــوری وســـاســـانی و ڕۆمانی و بیزینتی و عوســـمانی) یة، (محمدامین، ٢٠١٤،٤٢٦).

## 4-3- نەخش ونیگاری نوسین :-

ئەم جۆرە نەخش و نیگـارانە لە نـاوچە کەلەپوریەکـانی کەرکوك بە تـایبەت  لە خـانووەکـانی قەڵا بەکارهاتووە ، وەکو هەندێ لە ئایەتی قورئانی و بسـم الله و ماشـالله و ڕسـتەی اشـهد ان لا اله الا الله

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


بە زمانی عەرەبی یە بەمەبەستی پیرۆزی و پاریزگاری ماڵەکەیان(بەهرۆز،٢٠٠٨، ١١٩). هەروەها خەتی کوفی و فارسی، کە بۆ جوانی بەکار هاتووە لە ناوەڕاستی تەختێکی نەخشێنراوی ڕووەکی لەناو چوارچێوەی یەکێ لە دەرگاکان بەکارهێنانی نەخش ونیگاری نوسین باوبووە لە بینا ئاینیەکان بەتایبەتی (مزگەوت و مەزارەکان و کەنیسەکان)، کە بەکارهێنراوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و ڕووبەرەکان لە شاری کەرکوکیش لە بینا ئاینیەکان چوار زمان بەکارهێنراوە وەکو)زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی وتورکی) لە کەنیسەکانیش بە زمانی سریانی نوسین کراوە(محمد امین، ٢٠١٤، ٤٢٧).

## 4- خانووی تۆماهند ویەکە بیناسازیەکانی:-

یەکێکە لەماڵە کەلەپوریە تایبەتیەکان لەقەڵای کەرکوك، کەدەکەوێتە لای باشور لەسەر قەڵاکە درووستکراوەو دەڕوانێت بەسەر بازاڕی گەورە، کە بە بەردی سپی وگەچ دروستکراوە، ئەوەش کەئەم ماڵە جیا دەکاتەوە بوونی نەخش ونیگارە لەبەردی مەرمەڕ لە سەر شێوەی نەخشی ڕووەکی دیوارەکانیشی بەبەردی مەرمەڕداپۆشراوە، خاوەنداریەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆیەکێ لەکەسایەتیەکانی کەرکوك لە تیرەی (مسیحی) کە ناوی (توماهندی)، کەلەسەر قەدپاڵی قەڵاکە لەگەڕەکی (حەمام مەسیح) دروستکراوە، کە لەقەدپاڵی قەڵاکەوە دەڕوانێت بەسەر بازاڕی گەورەدا، مێژووی ئەم خانووە دەگەڕێتەوە بۆساڵی(١٨٧٨ز)

4-1 پێکهاتەی بینایەکە:- ئەو خانووە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە. ڕووبەرەکەی ٢٤٠م دوجایە ئەو خانووە لە دوو نهۆم پێکدێت کەلەبەردی سپی و گەچ درووستکراوە، لەئەنجامی کەش وهەوا نهۆمی سەرەوە ڕووخاوە بەس شووێنەوارەکەی ماوە پاشماوەکانی تر نەماوە، نهۆمی یەکەم نهۆمی سەرزەوی) بەتەواوەتی بیناکەی ماوە کەکۆمەڵێك ڕەگەزی بیناسازی ونەخش ونیگار لەخۆدەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



هێڵکاری ژمارە(١)هێڵکاری خانووی تۆماهند (توێژەر)

## 4-2یەکە بیناسازیەکانی خانوەکە:-

### 4-3-1-دەروازەکانی:-

ئەم خانوە لە دوو دەروازە پێکهاتووە، کەدەروازەی سەرەکی خانووەکە دەکەوێتە لای خۆرهەڵاتی و دووریەکانی دەروازەکەش ) ١,٨٠*٢,٦٢م، ڕووی سەرەوەی دەروازەکە لەبەرد درووستکراوە، لەشێوەیەکی لاکێشەیی دایە کەنەخش و نیگاری ئەندازەی تێدایە زارکی دەرگاکەش پێکهاتووە لە تەختەکە بۆناوەوە دەکرێتەوە ( وێنەی1)، بەلام دەرگاکەی تری دەکەوێتە ڕۆژئاوا، کە بچوکترە لە دەرگا سەرەکیەکە لە بەردی مەڕمەڕ دروستکراو. (وێنەی٢)







وێنەی ژمارە (1) (دەروازەی سەرەکی ) وێنەی ژمارە(2) (دەروازەی ڕۆژئاوا)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4-2-2-بەشی لای ڕۆژهەڵاتی خانوەکە:-

کاتێك لە دەروازە سـەرەکیەکە دێیتە ژوورەوە دەگەیت بە مەدخەلێکی شـێوە نزیک چوارگۆشـە، کە رووبەرەکەی (٢,٧٠م*٢,٩٠م)، بەلای چەپـدا هەیوانێـک)ڕێڕەو ( ژمـارە١)، هەیە کەدووریەکـاني ( ٧,٧٥*٢,٩٠م) یە، کەئەو هەیوانەش لەستونێک و دوو(عقدی مدبب) پێکهاتووە، ئەو ستونەش لەبنکە و جەسـتە و تاج پیکدێت، هەیوانەکە دەڕوانێت سـەرحەوشـەی خانوەکەدا کەشـێوەیەکی لاکێشـەی نـاڕێکی هەیە، درێژی لای بـاکوری )٩,٨٠م) وە درێژی لای بـاشـووری(٨,٣٦م) درێژی لای خۆرهەڵات (٢١,٥٠م) وە درێژی لای خۆرئاواشـی)٢١,٥٢م)ە. بەلای ڕۆژهەلاتیش دەگەین بەژووری ژمارە یەک، کە ئەم ژوورەش رووبەرەکەی بەم شـێوەیە (٥,٢٠م*٣,٢٥م )، و دوودەرگای هەیە، کە لە بەردی مەڕمەڕ دروسـتکراوە، شـێوەیەکی لاکێشـەیی هەیە، عەقدێکی نیوەبازنەی هەیە، دەرگای یەکەمی دەڕوانێت بەسەرحەوشەکەودەرگای دووەمیشی دەڕوانیت بە سەرهەیوانێکدا بەرەوباشوور لەگەڵ یەک تاق و پەنجەرەیەک. لە لای ژووری ڕۆهەلات، کە ژووری ژمارە یەک دەگەین بەرێڕەوێـك، ڕێڕەوی ژمـارە٢) ستونێک و دوو(عقد مدبب) پێکهاتووە دەڕوانن بەسەر حەوشەکە، وێنەی٣).



وێنەی ژمارە٣) بەشی لای ڕۆژهەڵاتی خانووەکە

## 4-2-3بەشی باشوری خانووەکە:-

بەشی باشووری ئەو خانووە لە چوار ژوورپێکهاتوە، لەگەڵ سەردابێك ئەم ژوورانە بەکۆمەڵێك بەردی مەڕمەڕ دروسـتکراوە لەپێشـیـان ڕێڕەوێـك هەیە ئەویش ڕیڕەوی ژمـارە ٣)یە دەڕوانێـت بە سـەرحەوشـەکە، سـێ عەقدی مدببەی هەیە، یەکێکیان گەورەترینیانە ئەم (عقد)انەش جێگیرکراون لەسـەر چوار سـتونی لولەیی ئەو ڕێڕەوە شـێوەی لاکێشـەییە رووبەرەکەی (١٥,٧٠م*٣,٢٠م)، ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێڕەوەش بەرزترە لە حەوشـــەکە. بنمیچی ڕێڕەوەکەش لەبەرد وگەچ دروســـتکراوە، کەبەهۆی(عقد) ێکەوە جێگیر دەبێت، لەســـەر دیواری ڕێڕەوەکە لەلایەك و لەســـە رســـتونەکانیش لەلاکەی تری چوار ژوورەکانی لای باشور هەموویان شێوەیان لاکێشەیە.

ژوورێکیـان دەکەوێتەلای دەروازەی ســـەردابەکەی ڕۆژهەلات، کە ژووری ژمـارە ٢) شـــێوەکەی لاکێشـــەیە، رووبەرەکەی (٦,٤٥م*٣,٢٩م)، کەدەروازەکەشـــی دەڕوانێت بەســـەر ڕێڕەوی باشـــورەکەی دوو پەنجەرەی هەیە، یەکێکیـان دەڕوانێتە ڕیرەوەکە ئەویتریـان دەڕوانێتە شـــەقـامی گشـــتی, بۆمەبەســـتی هەوا گۆڕکێ وڕووناکی، ژوورەکەیە، بنمیچەکەش لەشـــێوەی گۆمەزێکە لە بەردوو گەچ دروستکراوە لەسەر دوو(عقدمدببە) هەڵگیراوە کە جێگیرکراوە لە سەر دیوار، لە سێ تاق پێکهاتووە دەکەوێتە دیواری ڕۆژهەڵات ژورێکیتریش هەیە لەتەنیشـــت ئەوژوورە کە ژمـارە ٣)یە رووبەرکەی (٦,٤٨م*٢٥,م٣ ) کەپێکهاتووە لەهەشـــت تاق دابەش بوونە بەســـەر دیوارەکەدا، کە چواریان لەلای ڕۆژهەڵاتە چوارەکەی تریش لای ڕۆژئاوایە، هەروەها دە تاقی بچوکتر لەســەرووی ئەم تاقانەوە هەیە، کەهەرلایە و پێنج تاقی لێیە، هەروەها چوار پەنجەرەی هەیە، کە سێیانیان دەڕوانێتە سەر شـەقامی ســـەرەکی لە تەنیشـــت ئەم ژورەش ژورێکـیتـر هەیە ژووری ژمـارە ٤) ئەم ژورە رووبەرەکەی (٦,٥٥م*٣,٢٨م) ئەم ژوورە جیاواز لەژوورەکانیتر دروستکراوە، چونکە دیوارەکان لەبەرد دروستکراون بنمیچەکەشـــی شـــێوە گۆمەزییە، کە بەگەچ ڕووپۆشـــکراوە ئەم ژوورە لەهەشـــت تاق پێکهاتووە، کە چواریان لای ڕۆژهەڵاتە چوارەکەی تریشی لای ڕۆژئاوایە، وە دوو پەنجەرەی شێوە لاکێشی هەیە، کە دەڕوانێتە سەر شەقامی سەرەکی هەروەها بەشی پێشەوەی ژوورەکە هەمووی دەرگایە، لەتەنیشت ئەم ژوورەش ژوری ژمـارە( ٥) هەیە رووبەرەکەی (٦,٦٠م*٣,٣٠م) ئەو ژوورە لەچوار تـاقە پێکهاتووە ســـێ تاقەیان کەوتۆتە لای ڕۆژهەڵات تاقەکەی تر لای ڕۆژئاوایە هەروەها چوار پەنجەرەی هەیە، دوو دانەیان دەڕوانێتە شەقامی گشتی و پەنجەرەکەی تریش دەڕوانێتە ڕێڕەوەکە، هەروەها پەنجەرەکەی تری دەکەوێتە دیواری ڕۆژئاوا ،وێنەی٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وینەی ژمارە٤) (بەشی باشوری خانووەکە)

**4-2-4بەشی خۆرئاوای خانووەکە:-**

لەبەشی خۆرئاوای ئەم خانووەش ڕێڕەوێك هەیە، کە ڕێڕەوی ژمارە (٤)ە رووبەرەکەی (٣,٧٠م*٢,٢٠م)، کە دەڕوانێت بەسەر گۆڕەپانی ناوەندا، کە عەقدێکی مدببی هەیە، لایەکی جێگیربووە لەسەرستونێك لایەکەی تریشـــی لەســـەر دیوار، بنمیچی ڕێڕەوەکەش گۆمبەتێکی نیوە لوولەییە لەبەردو و گەچ درووســـتکراوە، ڕێڕەوەکە دەچێتە ژوورێك ژووری ژمارە (٦) رووبەرەکەی (٣,٢٥م*٢م) دەرگاکەی کەوانەیەکی ڕاکشاوی لەسەرە، لەبەرد درووستکراوە، پەنجەرەکەی دەکەوێتە لای دیواری باشووری کە)عقد منبطح) لەســـەرە لەبەرد دروســـتکراوە، دووەم پەنجەرەشـــیان لەدیواری لای خۆرهەڵاتە دەڕوانێت بەســـەر حەوشـــەکە شـــێوەی لاکێشـــەیە لە عەقدێکی نیوەبازنەیی لەبەرد درووســـتکراو پێکهاتووە، زارکی پەنجەرەکەش بەدەلاقەیەکی تەختەیی دادەخرێـت، پێکهاتووە لە دوو دەلاقە لە دەرەوەش تۆڕێک لەئاسن پێکهاتووە کەشێوەی چوارگۆشەیە، لەنێوان دیواری ژوورەکە و دەروازەی قادرمەکە خەزنەیەکی بچووك هەیە، کەدەڕوانێت بەســـەر حەوشـــەکە، عەقدێکی نیوە بازنەیی لەســـەرە بەتەنیشـت خەزنەکەش قادرمەیەك هەیە، کەشـێوەی لاکێشـەییە، بەسێ پلیکانە ســـەردەکەویە ســـەرســـەکۆیەکە ودوای دەگەی بەقادرمەیەك کە لەرێگەی ئەم قادرمەیەوە دەگەیی بەسەربانەکە، لەدیواری خۆرئاوا دەروازەیەکیتر هەیە کەپانیەکەی ١م)، (وێنەی٥

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە )٥) بەشی خۆرئاوای خانووەکە

**5-2-4-ژێرزەمینی خانووەکە:-**


ئەم ژێر زەمینە دەکەوێتە باشـــووری خانووەکە ژێر زەمینەکە دوو دەروازەی هەیە، دەروازەکیان لای ڕۆژهەڵاتە ودەروازەکەی تریشـــی دەکەوێتە لای ڕۆژئاوا کەبەهۆی چەند پلیکانێکەوە دەمانگەیەنێتە ژێر زەمینەکە، ژێر زەمینەکەش لە چوار ژوورو ڕێڕەوێک پێکدێت، کە ژوورەکان لەدیواری باشـــووری هەریەکەیان دوو پەنچەرەی شـێوە لاکێشـەی هەیە، دەڕوانێت بەسـەر شـەقامی گشـتیدا یەکێک لە ژورەکانی ژێر زەمینەکە لە(٧) ڕەفە پێکهاتووە لە دیواری باشـووری کە بۆ کۆگاکردنی پێداویسـتیکان بەکارهێنراون )وێنەی(٦) و هێڵکاری٢)

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


هێڵکاری ژمارە٢) ژێرزەمین (سەرداب)ی خانووی تۆماهند



وێنەی ژمارە٦)  ژێرزەمینی خانووی تۆماهند

## 5: کەرستەی بیناسازی خانووەکە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو کەرستانەی کە بەکارهاتووە لە خانووەکە بریتین لە( مەڕمەڕ و تەختە و ئاسن)

1-5-مەڕمەڕ:- کەرەستەیەکی کۆنە، لەدروستکردنی بیناسازی عێراق بەکارهاتووە، لەکۆنترین سەردەمە مێژوویەکان تاوەکو ڕۆژگاری ئەم سەردەمەش لەکۆشك و تەلار و پەرستگا ومزگەوتەکان وژمارەیەکی زۆرلە بینای ئاینی شارستانیەکان بەتایبەتی لە ماڵەکاندا، بەردی مەڕمەڕیش لەزۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، وەك داپۆشینی دیوار و تەختایەکان و دروستکردنی کۆڵەکەو پایە، وەکەرەستەیەکی سەرەکیشە بۆدرستکردنی نەخش ونیگار، شاری موصڵ بە دەوڵەمەنترین پارێزگاکانی عێراق دادەنرێت بەبوونی مەڕمەڕ، هەروەها شاری کەرکوکیش لە زۆربەی بیناو شوێنە کەلەپوریەکاندا بەکاریان هێناوە، بەتایبەتی لەدروستکردنی کۆڵەکەو پایە لەشوێنە جیاوازەکانی بیناکاندا بەکاردەهێنرێت. لەبیناکاندا، ڕێژەی بەکارهێنانی بەگوێرەی دوور ونزیکیەوە لە کانگاکان دەگۆردرێت، لەبنەڕتدا پێی دەڵێن بەردی موصڵی کە لە موصڵ ڕاهاتووە (الدراجی،٢٠٠٧،٢١)

2-5: تەختە(الخشب):- لەعێراقدا هەر لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین بەکارهاتووە، تاوەکو ئێستاش لەبەرئەوەی کێشی سوکە و بەرگری مام ناوەندە بەئاسانی هەڵدەگیرێت و نەخش ونیگاری لەسەر دەکرێت، بۆ چێوەی دەرگاو دۆڵاب و تێل بەندی پەنجەرە وبنمیچی خانووە کەلەپورییەکان بەکارهاتووە ...هتد(المعاضیدی،٢٠٠٢،٧٤)، زارکی دەروازەی خانوی تۆماهند لەچەند پارچەیەکی تەختە بەپانی ریزکراو پێکهاتووە.

3-5ئاسن:-بەکارهێنانی ئاسن بۆ کەتیبەی پەنجەرەکان بۆ مەبەستی جوانی و پاراستنی خانووەکان بووە، لە بەرئەوەی ئاسن توانای مانەوەی زیاترە لەڕووی ئەمنیشەوە سەلامەترە بۆ پاراستنی کەل و پەلی خانوەکە (حمد، ٢٠١٥،٥٣). وە هەروەها ئاسن بۆ پەرژین (محاجەرە)بۆ ڕووکاری پێشەوەی ماڵەکان بەکارهاتووە، لە ماڵی تۆماش بۆ کەتیبەی پەنجەرەکان بەکار هاتوە لە شێوەی شیشی ڕاست و یەکتر بڕو شێوەی چوار گۆشە و لاکێشە وەکو بزماری سەرخڕ، کە لەسەر دەرگای تەختە گەورەکان.

4-5بەردی کلسی وگەچ:- بەردی کلسی لەسەرووی عێراق زۆر هەیە وە زۆر باش کاری پێ دەکرێت، پارچەی بەردی کلسی لەدرووستکردنی دیواری ماڵە کەلەپووریەکانی کەرکوك بەکارهاتووە، ئەم بەردە کلسییە لەومادانە دروست دەکرێن، کە گەرمی دەگێڕنەوە، ئەمەش وادەکات کە گەرمی نەگەیەنێت ئەمەش وادەکات کێشەی ئاووهەوا چارەسەربکات ،بەتایبەتی لەهاویناندا کەپلەی گەرمی زۆر بەرزدەبێتەوە بەتایبەتی کاتی نیوەڕۆیان، ئەمەش هۆکارێکە وادەکات کەکەمترین گەرمی بچێتە ناو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماڵەکان، وەئەم بەردی کلسـیەش زۆردەمێنێتەوە، وەتایبەتمەندیەکی تری هەیە کە گەرما دەمێنێتەوە ئەمەش بۆ زستانان باشە بەتایبەتی لەشەودا کەگەرمای ڕۆژ دەداتەوە، هەروەها بەرد دیوارتوندو تۆڵ وقایم دەکات.بەڵام گەچ بەکاردێت بۆتوندوو تۆڵکردنی بیناکان چونکە بەردی کلس وگەچ یەك توخمن گەچ کلسـی هاڕدراوە، بەردو گەچ یارمەتی دروسـتکردنی دیوارو بنمیچی چەماوەیی سـەردەرگاکانو ڕووپۆشکردنی دیواری ژوورەکان و هەیوانەکان لە ماڵە کەلەپوریەکانی کەرکوك .(الجادر،١٩٨٥، ٨٣-٨٤) بەردی کلس لەڕووی جێۆلۆجیەوە بریتیە لەچەند پارچەیەکی یەکگرتوو لەمادەی( الکالسـایت) واتا کاربۆناتی کالسـیۆم، کەپێکهاتووە لە هەندێك بەردی قسـڵ)اللایمسـتون) بەهۆی پاڵەپەسـتۆی گەرماوە درووسـتبوونە لە هەندێك کاتدا توخمی کاربۆناتی مەگنیسـیۆم دەچێتە پێکهاتەکەیەوە کەپێی دەڵێن (الدولومایت)(الزیباری، ٢٠١٠،٩٠).

## 6-نەخش و نیگارەکانی خانووی دارتۆما:-

### 6-1-نەخشی دەروازەی سەرەکی خانووەکە:-


دەروازەی سـەرەکی خـانووەکە دەکەوێتە لای خۆرهەڵات رووبەری دەروازەکەش(٢,٦٢م*١,٨٠م)، شـێوەیەکی لاکێشـەی دەدات ڕووی دەروازەی خـانووەکەش بە(عقدی منبطح)ی ڕاکشـاو لەبەرد دروسـتکراوە کەبەشـی سـەرەوەی چەند نەخشـێکی لەسـەر دروسـتکراوە، کەپێکهاتووە لە دوو چوارگۆشە، کە هەریەکەیان کەوتۆتە گۆشەیەك لەناوەڕاستیشدا موعینێك نەخش کراوە ، لەسەرووی دەرگـاکە عەقـدێکی نیـوە بـازنەیـی هەیە، زارکی دەروازەکەش دووریەکەی(1,90م*1,40م)، لە دەرگایەکی تەختە پێکهاتووە لەچەند پارچەیەکی تەختەی پانی ڕیزکراو پێکهاتووە دەرگاکەش بە بزمار ڕازێندراوەتەوە، کە بەسەر هەموو دەرگاکەدا دابەش بووە لەناوەڕاستی دەرگاکەش نەخشێکی ئەندازەی شێوە بازنەی پێکهاتووە لەکۆمەڵێك بزمار ناوەڕاستەکەشی بزمارە، (وێنەی7، هێڵکاری٣).




هێڵکاریژمارە (3) و وێنەی ژمارە(7) نەخشی دەروازەی سەرەکی خانووەکە

### 2-6: نەخشی سەر دەرگای ژووری ژمارە٦) لای ڕۆژئاوا:-

دەرگاکە لە بەرد دروستکراوە، کە خاوەن(عقدێکی منبطح) ڕاکشاوە، دووریەکانی (١,٨٢م*١) دەرگاکە کەوانەیەکی سادەی هەیە، لە بەشی سەرەوەی نەخشی لەسەرە کە نەخشەکە پێکهاتووە لە سێ بازنە، کە دوو بازنەی لای گۆشەکان گەورەترە لە بازنەی ناوەڕاست، کە شێوەی سادەیان هەیە هیچ نەخشێك لە ناو ئەو بازنەیەدا نیە، بەڵام بازنەی ناوەڕاستیش باڵی نەخشەکانی چەند پیشتێنەیەکی گوێچکە ماسی یە، کە لەیەك ناوەند دەردەچێت ناوەڕاستی بازنەکەش شکڵی دڵ داگیری دەکات لە سەرەوە دەگات بەبازنەکە. (وێنەی8 وهێڵکاری٤)

هێڵکاری ژمارە٤) و وێنەی ژمارە٨) نەخشی دەرگای یەکێک لەژوورەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-6: نەخشی سەر دەرگای ژووری ژمارە)٤)ی لای باشور :**

دەرگاکە بە شـــێوەیەکی قەوســـە کە بەهۆی عقدێکی مدبب بەرز کراوەتەوە، دەرگایەکی فراوانە لە ناوەڕاستی دەرگایەکی بچووك هەیە، کە لە تەختە دروستکراوە بۆ چوونە ناو ژوورەوە لاتەنیشتەکانی بۆ ڕووناکی بەجێماون، کە بە شـــوشـــەی ڕوون داپۆشـــراوە، لەســـەرووی دەرگا تەختەکەش چوارچێوەیەکی شێوە نیوە بازنەی دروستکراوە بە پارچە ئاسن، نەخشێکی ڕووەکی، کە بە عقدەکە شۆڕبۆتەوە کە نەخشی ڕووەکی شیوە گەڵای مێوی حەوت لاسک .وێنەی ژمارە.٩)و هێڵکاری ٥).




هێڵکاری ژمارە٥) و وێنەی ژمارە٩) نەخشی دەرگای ژووری میوان

**4-6:نەخشی سەر دەرگای ژووری لای باشوری ڕۆژهەڵات:-**

دووریەکانی دەرگاکە (٢م*١,٢٠م) کە بەعەقدێکی نیوە بازنەی بەرزکراوەتەوە کە لە بەرد دروســـت کراوە، نەخشێکی ڕووەکی پێدا دێتە خوارەوە، کە گەڵای مێوە لە حەوت لاسـك ودوانزە گەڵای مێوی پێکهاتووە دوانیان نەماوە هەر گەڵایێک پشت دەبەستێت بە بنکەیەکی سێ گۆشە، کە هەندێ لە چوار چێوەی عەقدەکە دادەپۆشـێت بە دواشـیدا نەخشـێکی ڕووەکیە باڵەکەی کۆمەلێك لە لقی ڕووەکی و چڵ پێکهاتووە ئەم نەخشـــەش بە بەرد دروســـتکراوە، هاوشـــێوەی ئەم نەخش و زەخرەفەیەش لەمەدخەلی ژووری ڕۆژئاوای خانوویی عبدوللە ئاغا لەهەولێردەبینرێت، (وێنەی ژمارە.10وهێڵکاری ژمارە.٦).




هێڵکاری ژمارە٦) و وێنەی ژمارە١٠) نەخشی سەردەرگایی باشور

### 5-6نەخش لەسەر ستونەکان:-

ئەم ستونە پێکهاتووە لەبنکە و جەستە و تاج، بەرزی ستونەکەش( ١,٤٠م)، لاشەکەشی شێوەی ستونیە (إسـطوانی)ە، دووریەکەی (١,٢٠م)ە، لاشـەکەشـی تاجێك بەرزی دەكاتەوە شـێوەی هەرِەمێکی هەڵگەڕاوە لەخوارەوە. تاجەکەش نەخشـێکی هەڵکەندراوی قوڵ لەسـەر شـێوەی گوێچکەماسـی ڕازێندراوەتەوە، وێنەی ژمارە(١١) وهێلکاری ژمارە(٧).




(هێڵکاری ژمارەی٧ و وێنەی ژمارە١١) یەکێک لەستونەکانی بەر هەیوانی خانووەکە

### 6-6نەخش ونیگار لەسەرژووری ژمارە(٣)هەیە:-

لەم ژوورەدا نەخش ونیگاری ڕووەکی ونوسین و لۆکەندان هەیە، کە لەگەچ درووستکراوە کە لەنێوان (عقدی مدبب)ە، لۆکەندانەکە وەک نیوە ئەسـتونێکی بچووکی لول پێچیە هەردوسـەری باریکە لەشێوەی منارەدایە، کە پێی دەڵێن منارەکانی لۆکەندان لەبەشی سەرەوەی نێوان هەردوولۆکەندانەکە نەخشـێکی ڕووەکی و نوسـینێک هەیە نەخشـە ڕووەکیەکەش پێکهاتووە، لە گەڵای ڕووەکی و، کە

لاسکیان لێوەدەردەچێت لەناو نەخش وزەخرەفیە ڕووەکیەکەشدا نووسراوە (١٣٣٢)، لەناو عەقدەکەشدا چەند ڕەفەیەک هەیە، وێنەی ژمارە(١٢) وهێڵکاری ژمارە(٨).



هێڵکاری ژمارە(٨) و وێنەی ژمارە(١٢) (نەخشی سەردیواری ژمارە٣)

## 7: ڕەگەزەکانی بیناسازی خانووەکە:-

1-7: کۆڵەکە وستون (الأعمدە):-لەڕەگەزە بیناسازییە گرینگەکانە، کە لەبیناسازی عێراقی بەکارهێنراوە، بۆ هەڵگرتنی بنمیچەکان و جوانی و بەهێزی بیناکان بەکاردەهێنرێت سۆمەرییەکانیش لەسەردەمی کۆنەوە بەکاریان هێناوە، (الدراجی ، ١٤،٢٠٠٧). موسوڵمانەکان ستونی(یۆنانی وڕۆمانیان وبێزەنتی) بەکارهێناووە، بەڵام هێندەی نەبرد بینای ئیسلامی پشتیی بەست لەسەر ستونی خاوەن کلێشەی سەرچاوەگرتوو لەخودی هونەری ئیسلامی، هەروەها بیناسازی ئیسلامی ستونی لەسەر شێوەی نیوە بازنەیی و سێیەکی نیوەبازنەیی چەسپێندراون بەدیوار (وزیری ، ٤٩،١٩٩٩). هەندێك جاریش لەسەر شێوەی کۆڵەکە و پایەیی چوارگۆشەیی یان لاکێشەیی بوون بەتایبەتی بینا درووستکراوەکان لەسەردەمی عوسمانی، ئەم ستونانەش چواردەوری دەرگا و پەنجەرەکانیان داوە لەپێش هەیوان و دەروازەکان کەجۆرێك لەشکۆو جوانی پێ بەخشیوون، هەندێکیشیان تاج نراوەتە سەریان کەچەند شکڵێکیان وەرگرتووە هەندێکیشیان بێ تاجن(الدراجی، ٢٠،٢٠٠٧)،(وێنەی١٣)

2-7 کەوانە(العقود):-

کەوانە ڕەگەزێکی بیناسازییە پشت دەبەستێ بەخاڵێکی جێگیربوون یان زیاتر، کەوانەش لەژمارەیەك بەرد پێکدێت هەریەکەیان پێی دەوترێ (فقرە یا صنجە)ە لە بیناسازی ئیسلامیشدا (عقود )کەوانە بەشێوەی جیاواز بەکارهێنراوە وەکو (عقدی الدائری)بازنەیی، کە لەکۆشکی (الحیر الشرقی)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەلەسەردەمی ئەمەویی بەکارهێنراوە، باوبووە لەبیناسازیی سەردەمی عوسمانی. (عقدی المدبب) یش بەکارهێنراوە بەزۆری لەپەنجەرەو و دەرگاکان و میحرابەکاندا، بیناسازی مەغریبی و ئەندەلووسی (عقد حدوه الفرس) ناڵی ئەسپ یان پەیڕەوکردووە، هەروەها مەغریبیەکان گرینگیان داوەبە (عقد المفصص)، (عقد التخفیف) سوکردنیش بریتیە لەبەشێك لە بازنەیی(الموتور) (وزیری،١٩٩٩،٦١ )، لەخانوویی تۆمادا (عقد المدبب) بەکارهێنراوە لەهەیواندا (تارما)، وە(عقد الدائری) بازنەی و (عقد منبطح) ڕاکشاو کەلەپەنجەرەوو دەرگاکاندا بەکارهاتووە، وێنەی١٣).



وێنەی ژمارە(١٣) ( کۆڵەکەو کەوانەکانی بەرهەیوانی خانوەکە)

### 3-7حەوشە(الفناء ):-

ئاو هەوای عیراق و ئەو ناوچەیە بەگشتی بە گەرمای زۆر و بارانی کەم و ناسراوە، لەبەر ئەوەی لەم ناوچەیە مرۆڤ لە سەردەمە کۆنەکان حەوشەیان دروست کردووە کە دەوروبەریان کردووە بە ژوور و دیوارەکانیان بەشێوەیەکی داخراو بەرزکردۆتەوە(برادۆستی، ٢٠٠٩،٨١٧) حەوشەی خانووی تۆما کە دەکەوێتە ناوەراستی خانووەکە شێوەیەکی لاکێشەی نارێك دەدات درێژیی لای باکوری(١٢,٨٨م) درێژی لای باشووریی(١١,٤٥م) لای خۆرهەڵاتیشی (٢١,٦٥م) وەخۆرئاواش(٢١,٥٧م)، کە یەکەبینایەکانی بەسەریدا دروستکراون وێنەی ژمارە(١٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە(١٤) (حەوش و گۆرەپانی خانووەکە)

7-4تاق(الحنايا):-حەنایە کە دروســـت دەکرێ لەبینا و مزگەوت و خـانووەکان......هتد. لە بەشـــی ناوەوەی دیوارەکاندا بۆشـایەک دەهێڵدرێتەوە پێی دەوترێت تاق یان دەلاقە، ناو ئەم تاقانەدە دەفری بەنرخ یان پەیکەرو کەلوپەلی خۆراك دادەنرێت وهەندێ جاریش، بۆجوانکاری بەکاردەهێنرێت، ئینجا دواتر مرۆڤ هاتووە بیری لەپەنجەرە کردۆتەوە( ســـلیمان،١٩٧٦، ١٦٠)، تاقەکانی ئەم خانووە لەبەرد دروستکراون کەشێوەی لاکێشەیان هەیە کەعقدی نیوە بازنەیان لەسەرە، وێنەی ژمارە(١٥).

7-5 پەنجەرە (النوافز):-تایبەتمەندی پەنجەرە ئەوەی کەهێز ئەداتە دیوارەکە ولە دیواری خانوەکاندا دروست دەکرێت بەمەبەستی درووستکردنی نەخش ونیگار تێیداو هەروەها پاراستنی کەلوپەلەکان و هەوا گۆڕکێ و ڕووناکی و چاودێریکردنی دەرەوە (وەزیری، ١٩٩٩،٦٠)، وێنەی ژمارە (١٥).



وێنەی ژمارە(١٥)( حەنایا و دەلاقەکانی پەنجەرەی یەکێك لە ژوورەکانی خانووەکە)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 8- دەرەنجام

١-لەعێراق و ناوچە کوردیەکان بەتایبەتی ناوچەی کەرکوک ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەبیناکردنی شارستانیەت، هەر لەچاخە کۆنەکانەوە، تا شارستانیەتی ئیسلامی بەگشت سەردەمەکانییەوە، ناوچەی کەرکوک لەڕووی هونەری پێشکەوت لە بواری بیناسازی نەخش ونیگار و بەتایبەت، لەسەردەمی عوسمانیدا لەڕووی گەشەی بیرو هزری ڕۆشنبیری و زانستی و هونەری و بازرگانی تەواوی بەخۆوە دیووە، کە تاوەکو ئەمڕۆ وەک شاکارێکی مێژووی و شوێنەواری بۆنەوەکانی ئێستا و داهاتوو ماوەتەوە، شاری کەرکوکیش یەکێکە لە کۆنترین ناوچەکان لەڕووی شوێنی شوێنەوارییەوە، کە تاوەکو ئێستا بەو مێژووە دوورو درێژەی، کە هەیەتی توانیویەتی پارێزگاری لەمانەوە ڕەگو ڕیشەی هونەری ناوچەیی خۆی بکات بەتایبەتی لەسەردەمی عوسمانیەکانی درێژە بەمانەوەی ڕەگەزەکانی هونەری ناوخۆیی بدات،

٢-ئەم نەخش ونیگارانە وێنەی ئاستی (ئابووری وکۆمەڵایەتی وئاینی) وچێژو حەزی جوانی وهونەری کردوە، بۆ دانیشتوانی ئەم ماڵانە نمونەش لەسەر ئەمە بەکارهێنانی (خاج)ی هەڵکۆڵدراو لەماڵی (دارتۆما) لەسەرپێشەوەی دەرگا لە (مەرمەڕ)یان وێنەی (ئەستێرە و مانگ) لای موسوڵمانەکانی(ماڵی میکایل).

٣-بڵاوبونەوەو کاریگەری هونەری ئەوروپی لەسەر هونەری عوسمانی و گواستنەوەی کاریگەریەکەشی لەمیانەی نەخش و نیگار بۆ ماڵە کەلەپوریەکان لە(عێراق) و ناوچە کوردیەکان، وەک بەکارهێنانی هێڵی چەماوە وشۆڕبۆوە وەک چین چینی ئەندازەیی بازنەیی، کە وێنەی نەخش وڕووەکی وگەڵایی ولق وپۆپەکان دەورەی دەدات.

٤-چۆنیەتی پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەم شوێنەوارانە کە دەزگا شوێنەوارییەکان بەرپرسن لەپاراستنیان، چونکە ڕۆژبەڕۆژ توشی لەناوچوون دەبنەوە، بەهۆکاری سروشتی وتێکدانیان وشێواندنیان لەلایەن مرۆڤەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# 9-لیستی سەرچاوەکان

**لیستی سەرچاوە کوردییەکان**

**أ-لیستی پەرتووک(کتێب)**

1 – بەهرۆز، سمکۆ٢٠٠٨ : مێژووی هونەری تەلارسازی

2 – برادۆستی، زیدان ٢٠٠٩: قشلە و قەلای کۆیە،ئینسکلۆپیدیای هەولێر،ج١،لوبنان،

3 – جەلال، کامەران کویخا٢٠٠٨. مێژووی کۆنی کەرکوک لەڕۆشنایی دەقەکانی نوزیدا، هەولێر

4 – خەزنەدار٢٠١٦ علی، کەرکوک نامە.

5 – صەنا، ئەندراوس مەتران ٢٠١٢.مێژوویی مەسیحیة لەکەرکوک وباگەرمێ، هەولێر. وەرگیران جەمیل عیسا

**ب-لیستی گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

1 – ئاران٢٠٠١. ئارابیخای وڵاتی کوردەواری لەمێژوودا، گ.هەزارمێرد.ژ١٦، سلێمانی.

2 – عەزیز،جەلال جەوهەر٢٠٠٩.، کرکوک، گ٤ساڵیی دەیەم.

**ج-لیستی (تێزی دکتۆرا - ماستەرنامە)**

١- حسێن سەرکەوت عبدالله، ٢٠٠٨، شێوازەکانی شاری کەرکوک لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیایی زارە کوردییەکان.

٢- داود، فریاد ڕەحمان محمد٢٠١٦. شـاری کەرکوک لەسـاڵانی )١٩٥٨-١٩٧٥) توێژینەوەیەکی مێژووییە دەربارەی ڕەوشی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٣- شوانی، بەختیار سحید محمود٢٠٠٨ لەسەردەمی١٩ لێکۆڵینەوەیەک لەبارو دۆخی ڕامیاری وئابوری، سلێمانی.

٤-عبـدالرحمن، دڵشـــاد محمود٢٠٠٦. کەرکوک لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی دەربـارەی ڕۆڵی ســیـاســی و ڕۆشنبیری(١٩٣٢-١٩٥٨)، هەولێر،

لیستی سەرچاوە فارسیەکان:-

١-عباس، الحمد١٣٣هجری ، الیزیدی چفرنامە ج١، تهران،.

**لیستی سەرچاوە عەربیەکان:-**

**أ-لیستی پەرتووک(کتێب)**

١-بابان، جمال١٩٧٦، الاصول الاسماء المدن والمواقع العراقیةج١، بغداد.

٢-الجادر، ولید١٩٨٥، العمارة حتى عصر فجر السلالات، حضارة العراق، ج٣، دار الحریة، بغداد

٣-جاف، لیلى نامق١٩٩٢، كركوك لمحات تأريخية، منشورات خبات، هەولێر

٤-الدراجی، الحمید محمد حسن٢٠٠٧، الأعمدة والتیجانی فی العمارة التراثیة،بغداد.

٥-ساعتچی، صبحی، کەرکوک وهویتها الحمرانیية مؤسسة اتاتورك للثقافة واللخة والتأريخ، استانبول.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٦-ســالەیی، کامل٢٠٠٥ ، مجز فی التاریخ کەرکوک بین الوثائق الماضــی وحقائق الحاضــر من منشــورات قســم الثقافة و الاعلام المرکزی لاتحاد الوطنی کردستان، کەرکوک.
٧-هزاع، عیسا، التحف الخزافیه الترکیه والمدافئ فی المقصور العثمانیة بمصر )دراستهأثریةحضاریة).
٨-وزیری، یحیی٢٠٠٠. موسوعة عناصر العمارة الإسلامیة الکتاب٤، القاهرة،
٩-وزیری١٩٩٩ یحیی موسوعة عناصر العمارة الإسلامیة الکتاب٢، القاهرة،.

**ب-لیستی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی**

١- الباشا، حسن١٩٩٩، موسوعةالعمارة ولاثار والفنون الاسلامیة، المجلد الثانی، بیروت-لبنان.
O – الســـودانی جاســـم عبدالواحد جمال ،٢٠٢١ ، التواصـــل الحضـــاری للزخارف المعماریه فی البیوت التراثیة،جامعه القادسیبة.

**ج-لیستی (تێزی دکتورا – ماستەرنامە بە زمانی عەرەبی):-**

١-حمد، محمد عبدالله٢٠١٥،البیوت التراثیة فی مدینة کفری فی العصـر العثمانیة نماذج مختارة رسـالة ماجسـتر غیر منشورة،جامعه اربیل،
٢-خضــــر، ایســــماعیل ئاراس ٢٠١٤، المناهر المحماریة والنقوش الزخرفیة فی العمائر العثمانییة الباقیة فی إقلیم کوردســـتـان /العراق،أطروحه دکتۆراه) غیرمنشـــوره)، جـامیعه القـاهیره، کلیه الاثـار قســـم الاثـار الاسلامیه،جامحة القاهرة.
٣-الزیباری، منیر رمضان ایبراهیم ٢٠١١، زخارف البیوت التراثیة فی مدینة الموصل وأربیل)دراسة مقارن رسالة ماجستیر غیر منشورة).
٤-محمـدامین، علی نرمین ٢٠١٤، الزخرف والنقوش فی البیوت التراثیـة فی قلعـة فی کرکوک خلال الفترة العثمانیة المتأخرة)دراسة میدانیة)، گ.ئەکادیمیای کوردی، ژ٣ هەولێر،
٥ -المعاضـــیدی فتحی عارف عادل٢٠٠٢،، الواجهات الفنیة والعماریة للدور التراثیة فی الموصــــل، رســـاله ماجستر،جامعه بغداد.
٦-نافع، حنان محمد علی٢٠٠٧. العناصـــر الزخرفیة المعماریة بمدینة طرابلس خلال العهد العثمانیة)١٥٥١-١٩١١م)، رسالة مقدمة استکمالا لمتطلبات الحصول علی درجة الإجزة الحالیة )الماجستیر) فی الاثار الإسلامیة، جامحة المرقب.

## الملخص

إن بناء والمبانی الاثریة والتراثیة فی مدینة کرکوك الذي یکتســب أهمیة کبیرة من الناحیة الأثریة، هو الســبیل للوصــول إلی مجموعة من المعلومات، ویرجع ذلك إلی أنه تم زخرفتها ورســمها بشــکل عام، وبیت توما الهند

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بشكل خاص، ويتكون هذا البحث من الكتابة وزخرفة المنزل الذي هو جزء من الاهمية الاثرية للقلعة. وهذا يشبه الكشف عن الجوانب الحضارية والتاريخية لهذه المنطقة، والتي لم تتلق حتى الآن أي مراجع علمية نظرية، فهذا البحث يحلل التطورات الإنشائية للمنزل، رغم أن جزءا منه تم تحرير بقايا المباني والرسومات والصور المشوهة، إلا أن القطع المكسورة تمكنت من جمعها وإعادة ربطها معا، وهذا البحث هو البحث الأول في هذا المجال. من الناحية الفنية والهندسية ، ركزنا على هذا المجال كجزء أساسي من البحث.

# The Artist and The Construction of The Remains of The Archaeological Sites of Karkok

# Toma India House for Example an Artistic Analysis Research

**Asst. Prof. Dr. Aras Ismail Khider**
Department of Archeology, College of Literatures, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Aras.khider@su.edu.krd

**Hero Hassan khder**
Department of Archeology, College of Literatures, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hero.khder@su.edu.krd

***Keywords***: *The Art Architectural, Decorations, The City of Kirkuk, The Toma of India*

## Abstract

The construction of archaeological and heritage buildings in the city of Kirkuk, which is of great archaeological importance, is the way to access a collection of information, due to the fact that it was generally decorated and painted, and the House of Toma India in particular, and this research consists of writing and decoration of the house, which is part of the archaeological importance of the castle. This is similar to the detection of the cultural and historical aspects of this region, which have not yet received any theoretical scientific references, this research analyzes the structural developments of the house, although part of it has edited the remains of buildings, drawings and distorted images, but the broken pieces were able to collect them and reconnect them together, and this research is the first research in this area.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Technically and engineeringly, we have focused on this area as an essential part of the research, subject of research in particular and the region in general.